# The relocation policy of Peshmerga relatives in the government controlled areas 1980-1990, Erbil province an example

Rebaz Dlawar Omer [1], Muhammad Abdullah Kakasur[2]
[1]Soran University, [2]Salahaddin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.18*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*The policy of exile was used by Iraqi governments, especially the Ba'ath regime, as an effective way to control the Kurdish revolution. Most of the exile involved the deportation of Kurdish villagers to southern Iraq and Kurdistan forced camps. This study targets the exile of Peshmerga relatives who have inhabited residence in areas under government authority. In order to force the Peshmerga to leave his Peshmerga work, the government subjected their relatives to various unfavorable conditions, including the policy of deportation. Sometimes these relocations were to villages under the control of the Peshmerga, sometimes to southern Iraq and sometimes to neighboring countries. In order to discuss this issue and its implications, the title "*The relocation policy of Peshmerga relatives in the government-controlled areas 1980-1990, Erbil province an example*" has been chosen for the study. The main research question is: What was the main purpose of the government in this type of exile? What impact has this type of exile had on the Peshmerga? In this context, this study attempts to answer these questions and several sub-questions by analyzing and interpreting the process based on the use of historical research methods. This type of deportation has had an impact on the Peshmerga and their family. Although the Iraqi government has not been able to prevent people from joining the ranks of the Peshmerga, while this policy had impact.*

***Keywords:*** *Relocation, Peshmerga relatives, Government-controlled areas, Peshmerga-controlled areas.*

# سیاسەتی ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت ١٩٨٠-١٩٩٠

## پارێزگای هەولێر بە نموونە

م. ی. ریباز دلاور عمر

پ. د. محمد عبدالله کاکەسوور

**پوختە**

سیاسەتی ڕاگواستن لەلایەن حکومەتەکانی عێراق بە تایبەت حکومەتی بەعس وەک ڕێگایەکی کاریگەر بۆ زاڵبوون بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەکارهێندراوە، بەشی زۆری قۆناغەکانی ڕاگواستن، بریتیبوونە لە ڕاگواستنی دانیشتووانی گوند و ئاواییە کوردیەکان چ بۆ خوارووی عێراق و چ بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی کوردستان، بەڵام ئەو جۆرە ڕاگواستنەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت تیشکیبخەینەسەر، بریتییە لە ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت نیشتەجێبوون، حکومەت بە مەبەستی ناچارکردنی پێشمەرگە بۆ وازهێنان لە خەباتی پێشمەرگایەتی، کەسوکارەکەی دەخستەژێر چەندین بارودۆخی ناهەموار، لەوانەش سیاسەتی ڕاگواستن، کە هەندێکجار ئەم ڕاگواستنە بۆ گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بووە، هەندێکجاریش بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق و هەندێکجاریش بۆ وڵاتانی دەوروبەر. بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئەم پرسە و کاریگەریەکانی، ئەم ناونیشانە "**ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت ١٩٨٠-١٩٩٠ پارێزگای هەولێر بە نموونە**" بۆ توێژینەوە هەڵبژێردراوە.

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە: ئایا مەبەستی سەرەکیی حکومەت لەم جۆرەی ڕاگواستن چی بووە؟ ئایا ئەم جۆرە لە ڕاگواستن چ کاریگەریەکی بەسەر

پێشمەرگەوە هەبووە؟. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەند پرسیارێکی لاوەکی لە ڕێگەی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی پرۆسەکە بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی. ئەم جۆرە لە ڕاگواستن کاریگەریی زۆری هەم بەسەر پێشمەرگە و هەم بەسەر کەسوکارەکەیەوە هەبووە. حکومەتی عێراقیش سەرەڕای ئەوەی کە نەیتوانی لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە بەر لە پەیوەندیی خەڵکی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بگرێت، بەڵام کاریگەریی خۆشی هەبووە.

وشە کلیلیەکان: ڕاگواستن، کەسوکاری پێشمەرگە، ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت، ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە.

## پێشەکی

حکومەتی عێراقی جگە لە کردە سەربازیەکانی دژی هێزەکانی پێشمەرگە، چەندین ڕێگەی تری بەکارهێناوە تا بە هۆیانەوە بتوانێت بەسەر شۆڕشی کوردی زاڵبێت و ڕێگری لە فراوانبوونی دەستەڵاتیان بکات، یەکێکیش لەو ڕێگایانە مامەڵەکردنی هێزەکانی حکومەت لەگەڵ کەسوکاری پێشمەرگە بووە، جا چ بەهۆی بێبەشکردنیان لە چەندین خزمەتگوزاریی سەرەتایی ژیان، چ بەهۆی ڕاگواستنیان لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت خۆیەوە، سزای ڕاگواستن سەرەڕای ئەوەی کە سزایەکی گشتی بوو، زیاتر گوندەکان و ناوچە سنووریەکانی گرتوەتەوە، بەڵام بۆ کەسوکاری پێشمەرگە ئەم سیاسەتە لەنێو شارەکانیش جێبەجێکراوە و ئاراستەی ڕاگواستنەکە پێچەوانەی سیاسەتی سەرەکیی ڕاگواستنی کورد لە گوندەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان بووە، ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە لە شارەکانەوە بۆ گوندەکان یاخود بۆ بەشەکانی تری عێراق بووە.

**گرنگیی توێژینەوە:** ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەگە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت کاریگەریەکی زۆری هەم بەسەر پێشمەرگە و هەم بەسەر کەسوکاریانەوە هەبووە و سیاسەتێکی

فەرمیی حکومەت بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە باسکردنی سیاسەتی ڕاگواستن لە کوردستانی عێراقدا کەمتر بایەخ بەم جۆرەی ڕاگواستن دراوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە کراوە، هەر بۆیەشە هەوڵماندا توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت ١٩٨٠-١٩٩٠، پارێزگای هەولێر بە نموونە) بنووسین، بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی تایبەتمەند لە ڕێگەی گرتنەبەری **میتۆدی** وەسفی-**شیکاری**، مەبەستەکانی ئەم گەمارۆیە و کاریگەریەکانی بخەینەڕوو، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی **چەند پرسیارێکی** وەک؛ ئایا حکومەت مەبەستی لە ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە چی بووە؟ ئایا ئەم جۆرە لە ڕاگواستن چ کاریگەریەکی بەسەر پێشمەرگەوە هەبووە؟.

**چوارچێوەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتوە، لە تەوەرەی یەکەم، بە ناونیشانی (**چەمک و جۆرەکانی ڕاگواستن**)، هەوڵدراوە بە کورتی باس لە چەمکی ڕاگواستن و جۆرەکانی بکرێت، بۆ ئەوەی جیاوازیی ئەم جۆرە لە ڕاگواستن لەگەڵ جۆرەکانی تر دەربخەین. لە تەوەرەی دووەمیشدا بە ناونیشانی (**مامەڵەی هێزە ئەمنیەکان لەگەڵ کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتیان**)، هەوڵدراوە تیشکبخرێتەسەر ئەو مامەڵەیەی هێزە ئەمنیەکان، کە لەگەڵ کەسوکاری پێشمەرگە بە مەبەستی ناچارکردنی کەسی پێشمەرگە بۆ وازهێنان لە کاری پێشمەرگایەتی ئەنجامیانداوە. لە تەوەرەی سێیەمیشدا بە ناونیشانی (**ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت**)، جەخت لەسەر سیاسەتی ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت کراوەتەوە و باس لە کاریگەریەکانی ئەم جۆرەی ڕاگواستن کراوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سوود لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر وەربگیرێت، بە تایبەت بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراقی پەیوەست بەم بابەتە، کە زیاتر شێوازی ڕاگواستنەکە و

ئامانجەکانی سیاسەتەکەی بۆمان ڕوونکردوەتەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی تر. لە کۆتاییشدا چەند خاڵێک وەک ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە خراونەتەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم: چەمک و جۆرەکانی ڕاگواستن

### یەکەم: چەمکی ڕاگواستن

وشەی ڕاگواستن لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی و ئەمریکی لە بەرانبەر وشەی (Deportation)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، زیاتر بە مانای دەرکردن و دوورخستنەوەی کەسێکی بێگانە دێت لە وڵاتێک بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێک، کە لەگەڵ یاساکانی ئەم وڵاتەدا نەگونجاوبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر هەیە (Displacement or Expulsion) لە بەرانبەر وشەی ڕاگواستن بەکاردەهێنێت (محمد، ٢٠٠٤: ١٩–٢٠)، واتە ڕاگواستن بۆ کەسانێک بەکارهاتوە، کە تاوانێکیان ئەنجامداوە و خەڵکی بێتاوان ڕووبەڕووی ڕاگواستن نەبوونەتەوە، بە پێچەوانەی ئەو ڕاگواستنەی ڕژێمی بەعس لە باشووری کوردستان ئەنجامیدا، کاتێک بڕیار لەسەر ڕاگواستنی دانیشتووانی شوێنێک دەدرا، تەواوی خەڵکەکەی ڕادەگوێزران.

ڕاگواستن مانای **"گواستنەوەی جوگرافی یان شوێن گۆڕینی بەزۆر دەگەیێنێت لە ڕێی بەکارهێنانی تۆقاندن و پاڵەپەستۆ خستنەسەر و هێز بەکارهێنانەوە، کە گۆڕینێکی هەمیشەیی لە جێی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە یەکەیەکی جوگرافی بۆ یەکەیەکی جوگرافی تر لەخۆدەگرێت"** (عەبدوڵڵا، ١٩٩٩: ٤؛ محمد، ٢٠٠١: ٤)، یاخود **"ڕاگواستن یەکێکە لەو فۆڕمە دوژمنکاریانەی کە هەمیشە لایەنێکی هەژمووندار وەکو چەکێک لە دژی پێکهاتەیەکی هەژموون لەسەرکراو بەکاریهێناوە، لەپێناو چەندین ئامانجی جیاواز، یەکێکیش لەو ئامانجانە دەچێتە خانەی ئیتنی (ethnic cleansing)، بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی خاک، یا دوورخستنەوەی مەترسیی ئەو پێکهاتەیە لەسەر گرووپی هەژمووندار"** (مەلازادە، ٢٠١٩: ١٩١).

لە پرۆسەی ڕاگواستندا دەبێتت دوو مەرج هەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە ڕاگواستن هەژماربکرێت:

**یەکەم:** دەبێت پرۆسەکە پرۆسەیەکی بە کۆمەڵ بێت، واتا کۆمەڵە کەسێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕابگوازرێن.

**دووەم:** حکومەت یاخود دەسەڵاتێک ئەنجامدەری ڕاگواستنەکە بێت، یاخود هۆکار بێت بۆ ڕاگواستنەکە (محمد، ٢٠٠٤: ٢٣).

هەرچەندە سەبارەت بە خاڵی یەکەم، ئێمە لە توێژینەوەکەماندا نموونەی ڕاگواستنی تاک یاخود چەند کەس و ماڵێکی کەممان وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی لە هەندێک شوێن و کاتدا کەسی تاک یاخود ماڵی تاک ڕاگوێزراون و لە بەڵگەنامەکانیش وەک ڕاگوێزراو ئاماژەیانپێدراوە، بە تایبەت ئەم جۆرەیان لە ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت بەدیدەکرێت.

**دووەم: جۆرەکانی ڕاگواستن**

سەبارەت بە جۆرەکانی ڕاگواستن دەکرێ دوو جۆری ڕاگواستن ئاماژەپێبدەین:

**١/ ڕاگواستنی ئارەزوومەندانە:** ئەم جۆرە ڕاگواستنە زیاتر مەبەستی گەشەی ئابووری و کۆمەلایەتی و شارستانی لە پشتە، بۆ پەرەپێدان و گەیاندنی خزمەتگوزاری بە چەند گوند و ناوچەیەک ئەنجامدەدرێت، چەند گوندێک دانیشتووانیان کەمن و لەڕووی نیشتەجێبوونەوە بڵاون، لە شوێنێک کۆدەکرێنەوە و نیشتەجێدەکرێن، بەو مەرجەی ئارەزووی گوندنشینان لەبەرچاوبگیرێت و لە زەویە کشتووکاڵیەکانیان دوور نەبن (ساڵح، ٢٠٠٩: ٥٩).

ئەم جۆرە لە ڕاگواستن کاتێک پەیدابوو دەستەڵاتە سیاسی و ئابووریەکان پەرەیانسەند و خواستی پەرەپێدان و گرنگیدان بە کۆمەڵگاکان بووە خواستی دەستەڵاتی سیاسی، دەوڵەتە سۆسیالیستەکانیش لەم بوارەدا لە پێشەوەی دەوڵەتانی ترەوەن (عەبدوڵڵا، ١٩٩٩: ٥).

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەم جۆرە ڕاگواستنە بە دوو شێوە ئەنجامدراوە، ئەوانیش بریتیبوون لە ڕاگواستن بۆ کۆمەڵگەی شارستانی و ڕاگواستن بۆ کۆمەڵگەی گوند، مەبەست لە ڕاگواستن بۆ کۆمەڵگەی شارستانی بریتیبوە لە باشترکردنی ژیانی کرێکاران لە ڕێگەی دابینکردنی پێویستیەکانی کرێکاران و گرنگیدان بە کارگەکان، سەبارەت بە ڕاگواستنیش بۆ کۆمەڵگەی گوند، بریتیە لە ڕاگواستنی جوتیاران بۆ سەر زەویەکی باشتر و بەپیتتر، بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە بەرهەمیان زیادبکرێت، ئەمەش بە دابینکردنی پێویستیە کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەکان لەسەر زەویەکانیان، ئەنجام جوتیاران سوودمەندی یەکەم دەبن لەو جۆرە ڕاگواستنەدا (سەعید، ٢٠٢٣: ١٨-١٩). هیچ کام لەم جۆرە ڕاگواستنانە نەبوونە پێناسەی ڕاگوێزان لە کوردستانی عێراقدا، بەڵکو ڕاگواستنی زۆرەملێ سیمای دیاری ڕاگواستنەکە بووە، بە تایبەتیش لە پرۆسەکانی ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە، چونکە مەبەستی سەرەکی لە ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە مەبەستێکی سیاسی بووە، بۆ گوشار خستنەسەر تاکی پێشمەرگە تا ناچار بە وازهێنان لە پێشمەرگایەتی ببێت.

**٢/ ڕاگواستنی زۆرەملێ:** ئەم جۆرەیان ڕاگواستنێکە دەستەڵاتێک بە چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆی ئەنجامیدەدات، زیاتر لەو وڵاتانەی پتر لە مەزهەب و نەتەوەیەکیان تێدا دەژین، ئەنجامدەدرێت، یاخود لەو وڵاتانەی داگیرکراون (سالح، ٢٠٠٩: ٥٩)، کەسی ڕاگوێزراو لەم جۆرە ڕاگواستنەدا، ئەوانەن، کە بەبێ ویستی خۆیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بۆ شوێنێک دەگوازرێنەوە، هیچ ڕۆڵێکیان لە هەڵبژاردنیدا نییە، جا ئەم شوێنە چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە بێت (محمد، ٢٠٠١: ٤؛ محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٩٠).

سیاسەتی ڕاگواستنی حکومەتی بەعس دژی کورد لە عێراقدا خۆی لە چەند شێوەیەکی تایبەت دەبینیەوە، شێوەی یەکەمیان ڕاگواستن بۆ دەرەوەی وڵات، بە تایبەت ڕاگواستنی کوردانی فەیلی، شێوەی دووەمیان ڕاگواستن بۆ خوارووی عێراق، شێوەی سێیەمیان ڕاگواستن بۆ

ئۆردوگا زۆرەملێکانی کوردستان بووە، شێوەی چوارەمیان بریتیبوە لە ڕاگواستن بۆ کەمپە داخراوەکانی تایبەت بە ئەنفال و دواتر ئەنفالکردنی بەشێکی زۆریان (مەلازادە، ٢٠١٩: ١٨٦-١٩٧)، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا شێوەیەکی ترمان خستوەتەسەر ئەم شێوانە، کە بریتیبوە لە ڕاگواستن لە شارەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، یاخود بۆ ناوچەیەکی تری ژێر دەستەڵاتی حکومەت خۆی، ئەم جۆرەیان لە ڕاگواستن تایبەت بە کەسوکاری پێشمەرگە بوو، کە دانیشتووی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت بوون.

## تەوەرەی دووەم: مامەڵەی هێزە ئەمنیەکان لەگەڵ کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتیان

حکومەتی عێراقی وەک گوشارێک بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە، مامەڵەیەکی خراپی لەگەڵ کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوەوەی شارەکان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان ئەنجامداوە، وەک گرتن، کوشتن، ڕاگواستن و بێبەشکردنیان لە خزمەتگوزارییە پەروەردەیی، تەندروستی و ئابووریەکان (مستەفا، ٢٠١٣: ٣٧-٣٨)، بۆ نموونە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ژمارە (٢٧١)ی ٢٣ی شوباتی ١٩٨٠، بڕیاردرابوو خانوو لەو خانەوادانە وەربگیرێتەوە، کە لە ئۆردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێن و کەسێکیان پێشمەرگەیە یاخود پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردووە (قرار مجلس قیادة الثورة، رقم (٢٧١) في ١٩٨٠/٢/٢٣، فی قادر و جامباز، ٢٠١٣: ١٨٠). ساڵی ١٩٨٢ جارێکی تر ئەم بابەتە خراوەتەوەبەرباس و بەپێی بڕیارێکی هۆبەی هەولێری حزبی بەعس بە ژمارە (١٢٥٥/١)ی ڕێکەوتی ١٣ی شوباتی ١٩٨٢ ئاڕاستەی سەرجەم ئەندامانی هۆبە کراوە، تێیدا داواکراوە بەو بنەماڵانە ڕابگەیێندرێت، کە کەسوکاریان پێشمەرگەیە، لە ئەگەری وازنەهێنانیان لە پێشمەرگایەتی خانوەکانیان لێوەردەگیرێتەوە (نێروەیی، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٢: ١٢٣). لەلایەکی ترەوە لە بەڵگەنامەیەکدا نووسراوێکی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعسە بە ژمارە (٢٨/ ٤٦٨٤)ی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٥، بۆ لیژنە ئەمنیەکان و فەیلەقی یەک

نێردراوە، تێیدا ئاماژە بەوە دراوە دەبێت ڕێگری لە پێدانی کارتی خۆراک و وەرگرتنی بەشە خۆراک لەلایەن کەسوکاری پێشمەرگەوە بکرێت، بڕینی هێڵی تەلەفۆن لە کەسوکاری پێشمەرگە (بۆ بینینی بەڵگەنامەکە بڕوانە: CHAK, 2007: 12-13).

تەنانەت ئەوانەی خزمەتیشیان بە حکومەتی عێراقی کردبوو، بەڵام کەسوکاریان پێشمەرگە بووە بڕیاردراوە هاوکارینەکرێن، بۆ نموونە: بەپێی نووسراوی هۆبەی هەولێری حزبی بەعس ژمارە (٥٤/٣٦)ی ٢٥ی مایسی ١٩٨٢، کە بۆ جێگری پارێزگاری هەولێر نێردراوە، داواکراوە هاوکاریی (سەبری نەجیب نورس)ی بەڕێوەبەری پێشووی داراییی قەزای سدیق (سۆران) نەکرێت، بەهۆی ئەوەی دوو کوڕی پەیوەندیان بە پێشمەرگەوە کردووە، سەرەڕای ئەوەی کەسێکی بە تەمەنە و خزمەتی بە حکومەتی عێراق کردووە (نێروەیی، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٢: ١٢٥-١٢٦).

لە هەندێک کاتیشدا ئەو خانەوادانەی کەسوکاری پێشمەرگە بوون لە وەرگرتنی بڕی قەرەبووی دوای ڕاگواستنیان بێبەشکران، چونکە بەشێک لە خەڵک دوای ڕاگواستن داوای قەرەبوویان کرد، بەڵام کەسوکاری پێشمەرگە لە ترسی دەستگیرکردنیان نەیاندەوێرا داوای ئەو قەرەبووەش بکەن (چاوپێکەوتن لەگەڵ حسین عبدالله احمد، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٢٤، کۆمەڵگەی گەلاڵە- سۆران)[١].

هەموو ئەو فشارە زۆرانەی سەر کەسوکاری پێشمەرگە، سەرەڕای هەڕەشە بەردەوامەکان بۆ سەریان، وایکردبوو لە زۆرێک لە خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بێبەشببن، هەست بە ئاسایش نەکەن، بۆیە هەوڵی ڕزگاربوونیان داوە، تا گەیشتوەتە ئەوەی بە نهێنیەوە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت بەرەو ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە جێبهێڵن.

**تەوەرەی سێیەم: ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت**

یەکێک لە جۆرەکانی ڕاگواستن، بریتیبوە لە ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە یاخود بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق، بەمەش ڕاگواستن

تەنها گوند و ناوچە سنووریەکان و ناوچە قەدەغەکراوەکانی نەگرتەوە، بەڵکو لە ناوخۆی شارەکانیش ئەنجامدرا و مەبەستی سەرەکیش لەم جۆرە ڕاگواستنە گوشارخستنەسەر پێشمەرگە بووە.

هەر شەڕ و کردەیەکی سەربازی لەسەر خاکی کوردستان ئەنجامدرابێت، یەکێک لە ئەنجامە نەرێنیەکانی بریتیبوە لە ڕاگواستن و کۆچێکی ناچاری هاووڵاتیانی سڤیل، دواجار نەهامەتیەکی زۆری ڕووبەڕووی ڕاگوێزراو و کۆچکردووان کردوەتەوە (سەعید، ٢٠٢٣: ١٦). هاووڵاتی سڤیلی کەسوکاری پێشمەرگەش یەکێک لەو جۆرە قوربانیانە بوونە.

دیارە مەبەستی سەرەکیی حکومەت لە ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە، ناچارکردنی پێشمەرگە بۆ خۆبەدەستەوەدان و دوورکەوتنەوە لە پارتە سیاسیە کوردیەکان بووە (نێروەیی، بەرگی دووەم، ٢٠٢٢: ١٩-٢٠).

حکومەت لە هەندێک کاتدا جگە لە بێبەشکردنی کەسوکاری پێشمەرگە لە هەموو خزمەتگوزاریە گشتیەکان، ناچاریشیدەکردن شار جێبهێڵن و بەرەو ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە کۆچبکەن (محەمەد، ٢٠٢٣: ٥٤)، دواتریش بە بەرنامە و لە هەوڵێکی نوێیدا و وەک سیاسەتێکی فەرمی، کەسوکاری پێشمەرگەی بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە ڕاگواستن، ئەمەش بارودۆخێکی خراپی ڕووبەڕووی پێشمەرگە کردوەتەوە (مەحمود، ٢٠١٧: ٨٢-٨٣)،

وانەبێ ئەم سیاسەتەش لە ساڵانی هەشتاکانەوە دەستیپێکردبێت، بەڵکو هەر لەگەڵ هاتنەسەر دەستەڵاتی حزبی بەعس لە عێراقدا جێبەجێکراوە و کاری لەسەر کراوە، بۆ نموونە لە دوای کودەتای یەکەمی بەعسیەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و پاشان دوای هێرشی بەربڵاوی (حەرەس قەومی)[١] لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ سەر کوردستان، کە تێیدا چەندین تاوان بەرانبەر بە دانیشتووانی کوردستانی عێراق پیادەکران، لەو تاوانانەش ڕاگواستن، چەندین خێزانی ڕووبەڕووی ڕاگواستن کردووەتەوە، بەهۆی ئەوەی کەسوکاریان پێشمەرگە بوون، بۆیە لە

شارەوە ڕاپاندەگواستن بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە، بۆ نموونە هێزەکانی حەرەس قەومی لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی عێراقی بڕیاری لێخۆشبوونی لە ڕێگەی فڕۆکەوە بەسەر هاوولاتیانی کۆیە و گوندەکانی دەورووبەری بڵاوکردەوە (مەلا شاخی، ٢٠٢٤: ٣٥١)، دواتر لە ڕۆژی ١٦ی تەمموزی ١٩٦٣ هێزێکی زۆری حکومەت هەڵیانکوتایە سەر شاری کۆیە و بەدوای ئەو ماڵانەدا دەگەڕان ئەندامێکی خێزانەکەیان چووبوە ڕیزەکانی پێشمەرگە، هەر بۆیەش کۆمەڵێک لە کەسوکاری پێشمەرگە لە ماڵەکانیان دەسگیرکران و لە بەردەمی قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی لە کۆیە کۆکرانەوە، ئینجا هەموو ئەو خەڵکەیان بەرەو سنووری نێوان پێشمەرگە و حکومەت بردوو و لەوێ پێیانڕاگەیێندرا دەبێت شار جێبهێڵن و بۆتان نییە بگەڕێنەوە، بە پێچەوانەوە سزاکەتان مردن دەبێتت، هەندێک لە ماڵەکانیشیان سووتاند، خەڵکەکەش زۆرینەیان لە گوندەکانی دەورووبەری کۆیە بە ناچاری مانەوە، ئەو کەسانەی ئەو ڕۆژە لە کۆیە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان ڕاگوێزران، نزیکەی ٥٠ ئافرەت و ١٤٠ مناڵ بوون (شەوڕۆ، ٢٠١٧، ١٦–١٨).

حکومەت بەم هەنگاوەی دەیویست باری سەرشانی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردی لە گوند و ئاوایییە دوورەدەستەکان هێندەی تر سەختبکات، ئەم کارەش هەندێکجار ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لەسەر پارتە سیاسیەکان لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە دروستکرد، چونکە هێزە سیاسیەکان نەیاندەتوانی ئەم ڕێژە زۆرەی خەڵک لە ڕیزەکانیان وەربگرن، پاراستنیان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان کارێکی سەخت بوو، بۆ نموونە لە نووسراوێکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان- مەکتەبی عەسکەری بە ژمارە (٢١٢)ی ٧ی ئابی ١٩٨١، کە ئاڕاستەی سەرجەم هەرێمەکان کراوە، تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ وەرگرتنی خەڵکی بکەن، کە لە شارەکانەوە دێنە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش، چونکە حکومەت لەوانەیە هانی ئەم کارە بدات و بیەوێ لە ڕێگەیەوە ئەرکی بەخێوکردنیان بخاتەسەر

پارتە سیاسییەکان، ئەمەش ئەرکێکی سەخت دەبێت، بشیەوێ پێشمەرگە بە خاو و خێزانییەوە سەرقاڵبکات و دووریانبخاتەوە لە کاری سەرەکیان (بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە بڕوانە: محەمەدڕەشید، ٢٠٢٤: ٢٩٩).

سەرەڕای ئەوەی حکومەت ژمارەیەکی زۆری کەسوکاری پێشمەرگەی ڕاگواستن یاخود ناچار بە کۆچی بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە کردن، ژمارەیەکی زۆریشی بۆ ماوەیەک لە خوارووی عێراق دەستگیرکردن و زیندانیکردن، بۆ نموونە نزیکەی٦٠٠ ژن و منداڵ لە کەسوکاری پێشمەرگە لە زیندانی (فوزەیلە)[٣] لە ساڵی ١٩٨١ لە بەغداد زیندانیکران (نێروەیی، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٢: ١١٧–١١٨)، بەشێک لەمانە دوای ئازادکردنیان لە ئۆردوگاکانی خوارووی عێراق نیشتەجێکران، بۆ نموونە کەسوکاری (ئەحمەد مستەفا دڵزار) کە ناوبراو پێشمەرگە بوو، لە ساڵی ١٩٨١ تەواوی خانەوادەکەی لە هەولێر دەستگیرکران، بەهۆی ئەوەی کە سەرۆک خێزانەکەیان پێشمەرگە بوو، سەرەڕای ئەوەی کوڕێکی خانەوادەیان بە ناوی (ئامانج ئەحمەد مستەفا) ئەوکات سەربازی سوپای عێراقی بوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد ئەحمەد مستەفا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هەولێر)[٤]، بەڵام کوڕێکی ئەم خانەوادەیە بەناوی (ئاوات ئەحمەد مستەفا) ئەوکات لە بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی خۆراکی هەولێر فەرمانبەر بوو، لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە ئاگادارکراوەتەوە دەستگیرناکەن، دوو هەفتە مۆڵەتییپێدەدەن بۆ ئەوەی بتوانێت باوکی ڕازیبکات واز لە پێشمەرگایەتی بهێنێت و بگەڕێتەوە نێو حکومەت، دوای تەواوبوونی کاتەکە و بەردەوامبوونی باوکیان وەک پێشمەرگە، ئەویش دەستگیرکرا و بۆ لای تەواوی خانەوادەکەی لە زیندانی فوزەیلە لە بەغداد نێردراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوات ئەحمەد مستەفا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هەولێر)[٥]، ئەم خانەوادەیە و چەندین خانەوادەی تر کە هۆکاری دەستگیرکردنیان ئەوە بووە، کەسوکاریان پێشمەرگە بوون، دوای مانەوەی ١١ مانگ لە زیندان زۆرینەیان لە زیندانەوە بە پاس بۆ کەمپێک لە سنووری سەماوە بە ناوی بوصەییە بردران، تا ساڵی ١٩٨٣

لەم ئۆردوگایە ماونەتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد ئەحمەد مستەفا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هەولێر).

کاتێکیش کە لەم ئۆردوگایە بوون، هەر خانەوادەیەک کەسوکارە پێشمەرگەکەی خۆی ڕادەستی هێزەکانی حکومەت کردبایە، یاخود گیانیلەدەستدابوایە، ئەوا ڕێگاپێدەدرا لە ئۆردوگاکە دەربچێت و بگەڕێتەوە کوردستان، بۆ نموونە، لەو بارەیەوە ئازاد ئەحمەد مستەفا، دەڵێ: **"هەر کاتێک لە کەمپەکەی ئێمە کەسێک دەردەچوو و ڕێگای گەڕانەوەی بۆ کوردستان و جێهێشتنی کەمپی پێدەدرا، دەمانزانی کەسوکارە پێشمەرگەکەی یان خۆی ڕادەستی حکومەت کردوەتەوە یان شەهید بووە، چونکە ئەوە مەرجی جێهێشتنی ئۆردوگا و گەڕانەوە بۆ کوردستان بوو"** (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد ئەحمەد مستەفا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هەولێر).

بەپێی بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق ژمارە (٣٦٥١٧)ی ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ڕێگەدرا بە ڕاگواستنی هەموو ئەو خێزانانەی کە سەرۆک خێزانەکانیان بوونە پێشمەرگە یاخود چووبوونە وڵاتی ئێران (محەمەد، ٢٠٢٣: ٥٦). لێرەوە سیاسەتەکە چوارچێوەیەکی فەرمی تری لە پێشووتر وەرگرت.

لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی شەقڵاوە – لێژنەی ئەمنی، کە ئاراستەی سەرجەم بنکە ئەمنیەکان کراوە، داواکراوە لیستێکی ناوی ئەو خێزانانەی کە ڕاگوێزراون بەهۆی ئەوەی کەسێکی خانەوادەکەیان بووەتە پێشمەرگە بۆیان بنێرن، داواکراوە لیستەکە ئەو زانیاریانە لەخۆبگرت (ناوی تەواوی ڕاگوێزراو، ناوی تەواوی پێشمەرگە، شوێنی نیشتەجێبوونی، لەدایکبوونی، شوێنی بۆی ڕاگوێزراوە و مێژووی ڕاگواستنی)، هەر لەگەڵ ئەم نووسراوە چەند لیستێک دانراون، کە مێژووەکەی بۆ چەند مانگێک پێشووتر دەگەڕێتەوە، لەوانەیە لە پێشووتریش داوای ئەم زانیاریانە کرابێت و ئەم لیستانەیان بۆ چووبێت، وەک بەرچاوڕوونی بنکە ئەمنیەکان دانرابێت، بە گوێرەی لیستەکان ژمارەیەک کەس لە ٣ی تەمموزی ١٩٨٥ بەهۆی ئەوەی کەسێکی

ئەندامی خانەوادەکەیان پێشمەرگە بووە، ڕاگوێزراون (كتاب مديرية امن شقلاوة- اللجنة الامنية، الموضوع: حجز وترحيل، العدد (٤١٤٧) في ٢٢/ ١٢/ ١٩٨٥).

بابەتی ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان، لە زۆرێک لە نووسراو و ڕاسپاردەکانی حکومەت ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە: نووسراوی ئۆفیسی تایبەتی سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا، ژمارە (ر. أ. ج/ ١/ ١٣/ ٥٠٥٣)ی ١٤ی حوزەیرانی ١٩٨٥، و فەرمانی لیژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر بە ژمارە (٤٠٨٧)ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦، ڕاگەیاندنی لیژنەی کاروباری باکوری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە ژمارە (٤١٥١)ی ڕێکەوتی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٧، کە هەموویان جەخت لەسەر سووربوون و گرنگیی ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە دەکەنەوە (وۆچ، ٢٠٠٤: ١٥٤). خودی علی حسن مجيد (١٩٤٤-٢٠١٠) لە کۆبوونەوەکانیدا پێداگری لەسەر ئەوە کردووە ئەو پێشمەرگانەی پەشیماننەبوونەتەوە لە پێشمەرگایەتی نابێ کەسوکاریان ڕێگایانپێبدرێت لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتدا بژین (وۆچ، ٢٠٠٤: ١٥٣-١٥٤)، بۆیەش ژمارەیەکی زۆری ئەو خانەوادانەی لە شارەکان دەژیان، بەڵام کەسێکی ئەندامی خانەوادەیان لە ڕیزەکانی پێشمەرگە بووە، ڕاگواستوون (بارام، ٢٠٠٧: ١٨)، بەشێکی زۆریشیان دەستگیرکراون و لە زیندانەکانی خوارووی عێراق ئاخنراون.

تەنانەت حکومەت لە هەندێک کاتدا تەنها یەک کەسیشی ڕاگواستووە بەهۆی ئەوەی کەسێکی نزیکی پێشمەرگەیە، بۆ نموونە لە نووسراوێکی ئەمنی قەزای صديق (سۆران)، کە پشتی بە زانیاریەکانی ئەمنی ڕواندوز بەستبوە، تێیدا هاتبوە، کە (عطية حسين خضر) دایکی پێشمەرگە (صباح اسماعيل خضر) دەستگیرکراوە و بڕیاردراوە لە ڕێگەی پۆلیسی ڕواندزەوە لە بازگەی ئاکۆیانەوە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە ڕابگوازرێت، هەر لە هەمان نووسراودا هاتوە، کە لەکاتی کردەی ڕاگواستنەکە پێشمەرگە هێرشی کردوەتە سەریان و ڕفاندوونی (كتاب أمن الصديق، العدد (٧٨٦٧) في ٣٠/ ١٠/ ١٩٨٥).

تەنانەت کەسوکاری پێشمەرگە سەرەڕای ڕاگواستنیان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا، مانەوەشیان لە ئۆردوگاکان پێڕەوانەبینراوە، بۆ نموونە دوای دەستگیرکردنی هەموو ڕەگەز نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی کوردستاندا، لە ٦ی ئاداری ١٩٨٦ بەشێکی زۆر لەو ژن و منداڵانەی کە پیاوەکانیان دەستگیرکرابوون، بۆ نزیک گوندی پیرەفات لە سنووری قەزای زێبار بردران، کێڵگەی مینی زۆری تێدا بووە و پێیانڕاگەیاندوون دەبێت بە زوویی عێراق جێبهێڵن، بەهۆی ئەوەی کەسوکاری پێشمەرگەن، بەڵام زۆرینەیان بە نهێنی چوونە ئۆردوگای زۆرەملێی گۆڕەتوو و دواتریش گەڕانەوە ئۆردوگای قوشتەپە (مزویری، ٢٠١٠: ١٥٢، ١٧٢؛ احسان، ٢٠٢٢: ٤٩). هەروەها لە کۆمەڵگای زۆرەملێی گەلاڵە لە قەزای صدیق، ئەو خەڵکانەی پێشووتر ڕاگوێزرابوون و لەو کۆمەڵگایە نیشتەجێکرابوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەسێکیان لە ئەندامانی ماڵەوەیان پێشمەرگە بووە، دووبارە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە ڕاگوێزران (چاوپێکەوتن لەگەڵ حسین عبدالله احمد، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٢٤، کۆمەڵگەی گەلاڵە-سۆران).

حکومەت کەسوکاری ئەوانەشی کە چوونەتە ئێران لە سزای ڕاگواستن نەبواردووە، بۆ نموونە لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی شەقڵاوە، ئاڕاستەی فەرمانگەی ئەمنی هەریر کراوە، تێیدا هاتوە پێویستە سزای گرتن و ڕاگواستن بەسەر کەسوکاری ئەوانەدا بسەپێنرێت کە چوونەتە ئێران، چونکە چوون بۆ ئێران واتە خیانەتکردن (برقیة سریة وفوریة، من مديرية أمن شقلاوة، العدد (٨٥٧٧) في ١٩٨٦/١٢/٣٠).

لە لایەکی ترەوە حزبی بەعس لە بەڵگەنامەکانی خۆیەوە پرسی نیشتەجێکردنی ڕاگوێزراوان و کۆچکردوانی لە ئۆردوگا زۆرەملێکان وەک ڕێگەیەک زانیوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەیوەندیی زۆری خەڵکی بە هێزی پێشمەرگەوە بگرێت، یاخود پەشیمانکردنەوەی ئەوانەی پەیوەندیان کردوە، بۆ نموونە لە نووسراوێکی هۆبەی هەولێری حزبی بەعس کە ئاڕاستەی هەڤاڵ

و ئەندامانی هۆبە کراوە، ئاماژە بە نووسراوەکانی سەرکردایەتیی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعس و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کراوە، تێیدا هاتوە دروستکردنی ئۆردوگاکان و نیشتەجێکردنی خەڵک تیایاندا سوودی زۆری دەبێت بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بین هەر کەسێک پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکات، لە هەمانکاتیشدا ئەو خێزانانەی کەسێکیان پێشمەرگەیە و لە ئۆردوگاکان نیشتەجێدەکرێن، دەتوانرێت قسەیان لەگەڵ بکرێت و ڕازیبکرێن، کەوا کەسوکاریان واز لە پێشمەرگایەتی بهێنن و بگەڕێنەوە ڕیزەکانی حکومەت (كتاب قيادة شعبة أربيل لحزب البعث العربي الاشتراكي، دور المجمعات السكنية، العدد (١/ ١٢٥٥)، في ١٣/ ٢/ ١٩٨٢)، هەروەها هێزە ئەمنیەکان نیشتەجێکردنی دانیشتووانی ڕاگوێزراویان لە ئۆردوگا زۆرەملێکان بە هۆکارێک زانیوە تا بتوانن ئاگاداری ئەوانە بن، کە بوونەتە پێشمەرگە، بۆ نموونە لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر، کە ئاڕاستەی سەرجەم ئەفسەران کراوە، لە خاڵی دوازدەهەمدا ئاماژە بەوە دراوە، دەبێت گرنگیی زۆر بە ئۆردوگاکان بدرێت بە تایبەت ئۆردوگاکانی بنەسڵاوە، دارەتوو، کەورگۆسک و ئەوانی تریش، بە مەبەستی دۆزینەوەی کەسانی باش کە هاوکارمان بن لە زانیاریی پێدان سەبارەت بەوانەی کە پێشمەرگەن و کەسوکاریان لەنێو ئۆردوگاکاندا دەژین (كتاب مديرية امن محافظة اربيل، متابعة، العدد (١٣٢٩٥)، في ١٥/ ١٠/ ١٩٨٧). لەم کارەشدا مەبەستی حکومەت ڕوونە، ویستویەتی بە گوشار خستنەسەر ئەوان و هەڕەشەی ڕاگوستن، کەسوکارەکەیان ناچار بە وازهێنان لە پێشمەرگایەتی بکات، ئەم بەڵگەنامانە کە بەپێی ئاماژەدان بە نووسراوەکان بۆچوونی تەواوی سەرکردایەتیی حزبی بەعس بووە، بۆیە مەبەست لە نیشتەجێکردنی ڕاگوێزراوان و کۆچکردووان لە ئۆردوگاکاندا مەبەستێکی تایبەت بوە، ئەویش بریتیبوە لە کۆتاییهێنان بە شۆڕشی کوردی، نەوەک پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە ڕاگوێزراوان، وەک ئەوەی حکومەتی عێراقی ئاماژەیپێدەدا.

هێزەکانی حکومەت ڕاگواستنیان بە ڕێگەیەکی کاریگەر لەسەر پێشمەرگە داناوە، بۆ نموونە لە بەڵگەنامەیەکدا کە خۆی لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر دەبینێتەوە، کە ئاراستەی بەش و هۆبەی سیاسیی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەمنی پارێزگاکە کراوە، نووسراوەکە پشتی بەو زانیاریانەی لە ئەمنی گشتیەوە بۆیان هاتوون، بەستوە، تێیدا هاتوە پێویستە ئەو خانەوادانەی کەسوکاریان پێشمەرگەن پێیانڕابگەیێندرێت ئەگەر کەسوکارەکانیان لە پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگە پەشیماننەبنەوە و نەگەڕێنەوە، ئەوا خانوەکانیان دەڕوخێندرێت و ڕادەگوازرێن، لە نووسراوەکەدا سەبارەت بە گرنگیی ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە هاتوە؛ ئەو کارە واتا وێرانکردنی خانوەکان و ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە ڕێگەیەکی کاریگەر دەبێت بۆ وازهێنانی زۆر لە پێشمەرگەکان، چونکە پێشمەرگە پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ خانەوادەکەی هەیە و بەردەوام بە نهێنیەوە سەردانی خێزان و منداڵەکانیان دەکەن، بۆیە خستنەژێر بارودۆخێکی وای کەسوکاریان ناچاری گەڕانەوەیان دەکات (كتاب مديرية أمن محافظة اربيل، العدد (ش/ س/ ٤١٩) في ٣/ ٩/ ١٩٨٧)، لەمەشدا هێزە ئەمنیەکان ئەو وابەستەییە کۆمەڵایەتیەی نێو خێزانی کوردیان بەهەلزانیوە، تا لە ڕێگەیەوە بە خواستی کەمکردنەوەی پەیوەندکردن بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بگەن.

لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٧ لەسەر فەرمانی علی حسن مجید بڕیاردراوە پێویستە سەرجەم ئەو خانەوادانە سەرژمێریبکرێن، کە کەسوکاریان پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی وەک بارمتە لەژێر دەستەڵاتی حکومەت بهێڵدرێنەوە (محەمەد ڕەشید، ٢٠٢٤: ١٧٨)، لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم کارەش بارودۆخێکی زۆر ناهەموار ڕووبەڕووی پێشمەرگە بوەوە، بەوەی ئەوان پێشمەرگە و خێزانەکانیشیان لەژێر دەستی بەعس بوون (دەروێش، ٢٠٢١: ١٧٣).

لە بەڵگەنامەیەکدا بە ناونیشانی (بارودۆخی ئۆردوگاکانی کوردە ڕاگوێزراوەکان) کە لە ئەیلوولی ١٩٨٨ لەلایەن باڵوێزخانەی ئەمریکا بە ژمارە (٨٠٨٣) ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی

ئەو وڵاتە کراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە لە بەهاری ١٩٨٧ زانیاریان بۆ هاتوە، کە حکومەت ژمارەکی زۆر لە کەسوکاری پێشمەرگەی لە گوند و ئاواییە کوردیەکان بۆ ئۆردوگای ڕوتبە لە سەر سنووری عێراق و ئوردن و خوارووی عێراق ڕاگواستوە (رەحمانی، ٢٠١٣: ٧٦).

کاتێکیش سەرژمێریی ساڵی ١٩٨٧ نزیکبووەوە ئەم خاڵە زیاتر جەختی لەسەر کرایەوە، بە تایبەت دوای کۆبوونەوەیەک لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٧ ئەنجامدرا، لە ٧ی ئەیلوول لە ڕێگەی برووسکەیەکی نهێنیەوە بە ژمارە (٤٣٥٠) بڕیارەکانی کۆبوونەوەکە بۆ سەرجەم لیژنە ئەمنیەکان نێردرا، بەپێی نوسراوی ئەمنی شەقڵاوە ژمارە (٢/ ٢٣٧)ی ١٩ی ئەیلوولی ١٩٨٧، ئاڕاستەی ژمارەیەک دەزگای حزب و پۆلیس کرابوو و کۆپیەک لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی ٦ی ئەیلوولی هاوپێچکرابوو، تێیدا جەخت لەسەر ئەوە کرابوەوە پێویستە بە وردی ئاماری ئەو ماڵانە وەربگیرێت، کە کەسوکاریان پێشمەرگەیە، دوای ئەوەش دەبێت هەموویان جگە لە نێرینەی ١٢-٥٠ ساڵی کە دەستبەسەردەکرێن، ئەوانی تر بنێردرێنە ناوچە قەدەغەکراوەکان، تەنها ئەوانەی لێبەدەربکرێن، کە لە ڕیزەکانی یەکە جیاوازەکانی سوپای عێراق شەهیدیان داوە، ئەوانە تەنها دایک بۆ لای کوڕە پێشمەرگەکەی دەردەکرێت (وۆچ، ٢٠٠٤: ١٥٤؛ نێروەیی، بەرگی دووەم، ٢٠٢٢: ٣٣)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەڵگەنامەیەکی تر بە ناونیشانی کۆنووسی کۆبوونەوە لەلایەن سەرکردایەتیی هۆبەی صلاح الدینی حزبی بەعسەوە ئاڕاستەی لقی هەولێری حزبی بەعس کراوە و ئاماژە بە نووسراوی لقی هەولێری حزبی بەعس و بروسکەی بیرۆی باکوری حزبی بەعس کراوە، تێیدا هاتوە کەسوکاری پێشمەرگە ڕادەگوازرێن هەرچەندە ئەگەر شەهیدیشیان لە ڕیزەکانی یەکە جیاوازە چەکدارەکانی سەر بە حکومەت دابێت، یاخود بریندار و دیل و ونبووشیان هەبێت (كتاب قيادة شعبة صلاح الدين لحزب البعث، محضر اجتماع، العدد (٢٦٤٨/٦٠) في ١٢/ ٩/ ١٩٨٧).

ئەو هەوڵە چڕانەی حکومەت تایبەت بە دەرکردنی کەس و کاری پێشمەرگە بەر لە سەرژمێری ڕەهەندی سیاسی و دیمۆگرافیشی هەبوو، چونکە حکومەت لە ڕێگەیەوە دەیەویست ژمارەی کورد لە سەرژمێریەکە کەمبکاتەوە، ئەمەش لەڕووی سیاسی و دیمۆگرافیەوە بەکاربهێنێ، چونکە سەرژمێریەکە لە ناوچە قەدەغەکراوەکان و ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە ئەنجامنەدەدرا.

لە هەریەکە لە نووسراوەکانی ژمارە (٩٤٧٥)ی ١٦ی ئەیلولی ١٩٨٧ و نووسراوی ژمارە (٩٤٧٨)ی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٨٧ی ئەمنی هەولێر بۆ پۆلیسی هەولێر نێردراون ئاماژە بە دەرکردنی ٤٤ خێزان بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە دەکات، ئەندامەکانیان تەمەنیان لە نیوان ٥١-٨٩ ساڵیدایە و سەربە پارتە کوردیەکانن (وۆچ، ٢٠٠٤: ١٥٤-١٥٥). ئەم پێداگریەی حکومەت بۆ دەرکردنی کەسوکاری پێشمەرگە و ناردنیان بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان لە کاتێکدا بوو، کە چەندین جار حکومەت داوای ئەوەی کردبوو، کە دەبێت دانیشتووانی ناوچە قەدەغەکراوەکان بەرەو شارەکان کۆچبکەن و لە گوندەکان نەمێنن، ئەم دوو هەڵوێستەش پێچەوانەی یەکترین.

لە دوای بۆردومانی کیمیایی دۆڵی بالیسان لە دەڤەری خۆشناوەتی، دوای ئەوەی بەشێکی زۆری خەڵکەکە بەناوی چارەسەروەرگرتن بردرابوونە هەولێر، لەوێ بەشی زۆری پیاوەکانیان گیران و شوێنبزرکران، ئافرەت و مناڵەکانیش لە هەولێرەوە بۆ گوندی (جولەمێرگ)ی نزیک خەلیفان گوازرانەوە، لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە پێیانڕاگەیێندرا ئێوە کەسوکاری پێشمەرگەن و دەبێت بچنە لای ئەوان، بەڵام خەڵکی خەلیفان بەهانایانەوە هاتوون و بردوونیانە ماڵەکانی خۆیان، دواتر دابەشی سەر کۆمەڵگا و شارەکان بوون و گوندەکانی خۆشیان وێرانکران و نەیانتوانی بچنەوە گوندەکانیان (مزویری، ٢٠١١: ١٣١-١٣٢).

حکومەت لە کۆتاییەکانی ساڵانی هەشتاکان زۆر سووربووە لەسەر ڕاگواستن و دەرکردنی کەسوکاری پێشمەرگە، تەنانەت ئەگەر کەسوکارەکەی پێشمەرگە جێی ڕەزامەندی ئەوانیش بوایە

ئەوا هەر دەبوایە پیاوە گەنجەکانیان دەستگیربکرێن و خێزانەکانیان ڕابگوازرێن، بۆ نموونە لە نووسراوێکی بێ ژمارە و ڕێکەوت و شوێنی ئاڕاستەکراوی بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی گشتیدا هاتوە، کە لیژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر داوای زانیاری لێکردووین سەبارەت بە دوو کەس بە ناوەکانی (فوئاد عمر حسن) و (حیدر عمر حسن) کە بەهۆی ئەوەی برایەکیان بە ناوی (ئەنوەر) پێشمەرگەی حزبی شوعیە، دەستگیرکراون، ئاماژە بەوە دراوە هەرچەندە ئەو دوو برایە کەسی بەڕەوشتن و پەیوەندیان بە پێشمەرگەوە نییە، دوو خوشکیان بە ناوەکانی (حسیبە) و (ئەدیبە) قوتابی پەیمانگەی مامۆستایانن و ئەندامی حزبی بەعسن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت سەرەڕای گرتنی دوو برایەکە، مناڵ و ئافرەتەکانیان لە نێویشیاندا هەردوو خوشکەکەش ڕابگوازرێن تا ئەو کاتەی برایەکەیان خۆی ڕادەستی هێزەکانی حکومەت دەکاتەوە (کتاب وزارة الداخلية - مديرية الامن العامة، بدون عدد، بدون التاريخ).

بەشێکیش لە کەسوکاری پێشمەرگە کاتێک زانیویانە ڕووبەڕووی ڕاگواستن و لێپێچینەوە دەبنەوە خۆیان شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێهێشتووە، بۆ نموونە لە نووسراوێکی ئەمنی مەصیف(پیرمام)دا هاتوە: ئەوانەی کەسوکاری پێشمەرگەن، زانیاری ئەوەیان هەبووە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و ڕادەگوازرێن، بۆیە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەرەو شوێنی نادیار جێهێشتووە (کتاب أمن المصيف، العدد (٧٩٠) في ٥/ ٣/ ١٩٨٧).

لە هەندێک کاتیشدا، کاتێک خانەوادەیەک ویستویانە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکەن و لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە بژین، ویستویانە خانوەکانیان لە شارەکان و ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەت بفرۆشن، بەڵام دوای ئەوەی دەزگا ئەمنیەکان هەستیان بەمە کردووە، داوایان لە بەڕێوەبەرایەتیی خانووبەرە و هاتوچۆ کردووە ناکرێ بەبێ پرسی ئەوان خاوەندارێتیی ئۆتۆمبێل و خانوو بگوازنەوە (نێروەیی، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٢: ٦١)، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی

ڕێگرییکەن لە پەیوەندیی خەڵک بە تایبەت پیاوەکان بە شۆڕشی کوردی و هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان.

لە ساڵی ١٩٩٠ بەهۆی ئەوەی کە ساڵێکی کەمێک ئارامتر بوو لە ساڵەکانی پێش خۆی لە چالاکیە سەربازیەکانی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق، خەڵکیش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی تووشیان ببوو لە ئەنجامی مامەڵەی خراپی هێزەکانی حکومەت لەگەڵیان بە تایبەت لەڕووی ئەمنیەوە، پەنایان بۆ کۆچی ناچاری برد، لە شارەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکان بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە، ئەمەش بارودۆخی ئابووری پارتە سیاسیەکانی هێندەی تر سەختکرد، چونکە لەو کاتەدا هێزەکانی پێشمەرگە بە بارودۆخێکی خراپی ئابووریدا تێدەپەڕین (رەشید، ٢٠٢٠: ٢٤٤–٢٤٥).

پێمانوایە ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراقی هەم بۆ ئەوە بوو ڕێگە لە پەیوەندیی زیاتری پیاوانی کورد بە هێزەکانی پێشمەرگە بگرێت، هەم کارکردن لەسەر پەشیمانکردنەوەی ئەوانەی لە ڕێی کەسوکارەکەیانەوە پەیوەندیانکردووە، مەبەستێکی تری حکومەت ئەوە بووە بارودۆخی پارتە سیاسیەکان سەختبکات، بە ناچارکردنی پێشمەرگە بۆ هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی ئەو خەڵکە ڕاگوێزراوە، بە تایبەت کاتێک ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگە لەو کاتدا لەژێر گەمارۆیەکی سەختی ئابووریدا بوون.

**ئەنجامەکان**

- هێزە ئەمنیەکانی عێراق هەوڵیانداوە کەسوکاری پێشمەرگە بۆ ڕێگریکردن لە پەیوەندیی خەڵکی کوردستان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بەکاربهێنن.
- سیاسەتی ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە پێچەوانەی سیاسەتی ڕاگواستنی گشتیی حکومەت بوو، بەو پێیەی کە حکومەت لە سیاسەتە گشتیەکەی گوندەکانی چۆڵدەکرد، بەڵام لە ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە دانیشتووانی شار و ئۆردوگاکانی بۆ گوندەکان ڕادەگواست.

- ڕاگواستنی کەسوکاری پێشمەرگە سەرەڕای ئەوەی نەیتوانی کۆتایی بە پەیوەندیکردن بە پێشمەرگەوە بهێنێت، بەڵام کاریگەریی خۆی هەبووە و بەشێک لە خەڵکی لەبەر مامەڵەی حکومەت لەگەڵ کەسوکاریان نەیانتوانیوە پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بکەن.
- حکومەت سوربووە لەسەر ئەم جۆرەی ڕاگواستن، تەنانەت بوون بە ئەندامی حزبی بەعس و سەرباز و قوربانیدانیش لە پێناویدا، کەسوکاری پێشمەرگەی لە سیاسەتی ڕاگواستن نەپاراستووە، ئەگەر کەسێکی خانەوادەکەیان پەیوەندی بە پێشمەرگەوە کردبایە.
- حکومەت بارودۆخێکی دەروونی بۆ پێشمەرگە بەهۆی مامەڵەی هێزە ئەمنیەکان لەگەڵ کەسوکاری دروستکردبوو.

## پەراوێزەکان

١ـ حسين عبدالله احمد، ناسراو بە حسين ابو شوارب، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شارۆچکەی گەڵاڵە لەدایکبووە، لە ماوەی ڕاگواستنی شارۆچکەی گەڵاڵە، موختاری شارۆچکەکە بووە، دوای ڕاگواستنیش بوو بە موختاری کۆمەڵگەی زۆرەملێی گەڵاڵە لە قەزای صديق (سۆران)، ئێستاش لە هەمان کۆمەڵگە نیشتەجێیە (چاوپێکەوتن لەگەڵ حسين عبدالله احمد، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٢٤، کۆمەڵگەی گەڵاڵە- سۆران).

٢ـ ڕێکخراوێکی چەکداریی بەعسی بوو، بۆ زانیاری دەربارەی حەرەس قەومی بڕوانە: (الخفاجي، ٢٠١٥: ٢١-٣٣).

٣ـ زیندانی فوزەیلە، زیندانێک بوو کەوتبوە گەڕەکی فوزەیلیە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی بەغداد، بەرلەوەی بکرێتە زیندان کارگەی شیر بوو، دواتر کرایە زیندان (عەبدولقادر، ٢٠٢٠: ٢٧٣).

٤ـ ئازاد ئەحمەد مستەفا دڵزار، لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٤٧ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە تەواوکرد، ساڵی ١٩٩٥ کۆلێژی مافی لە هەولێر تەواوکرد، ناوبراو لە ساڵی ١٩٨١ بەهۆی ئەوەی کە باوکی پێشمەرگە بوو، لەلایەن

هێزە ئەمنیەکان لە هەولێر دەستگیرکرا، دواتر لەگەڵ خانەوادەکەی گواسترایەوە بۆ ئۆردوگای بوسەیە لە سەماوە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد ئەحمەد مستەفا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هەولێر).

٥- ئاوات ئەحمەد مستەفا دڵزار، لە ٢٣ی نیسانی ١٩٥٤ لە شاری کۆیە لەدایکبوو، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە تەواوکرد، ساڵی ١٩٧٨ پەیمانگای کارگێڕی لە بەغداد تەواوکردوە، ناوبراو لە ساڵی ١٩٨١ بەهۆی ئەوەی کە باوکی پێشمەرگە بوە لەلایەن هێزە ئەمنیەکان لە هەولێر دەستگیرکراوە، دواتر لەگەڵ خانەوادەکەی گواسترایەوە بۆ ئۆردوگای بوسەیە لە سەماوە، ئێستا خانەنشینە و لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێیە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوات ئەحمەد مستەفا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هەولێر).

## لیستی سەرچاوە

### بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە


- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٥٤)، معلومات، من مديرية امن محافظة اربيل الى كافة مديريات امن الأقسام وشعب السياسية، العدد (ش/ س/ ٤١٩)، ٣ /٩/ ١٩٨٧.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٦١)، حجز وترحيل، من مديرية امن شقلاوة- اللجنة الامنية الى كافة امن المناطق، العدد (٤١٤٧)، ٢٢/ ١٢/ ١٩٨٥.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٣)، محضر اجتماع، من قيادة شعبة صلاح الدين لحزب البعث الى قيادة فرع اربيل لحزب البعث، العدد (٦٠/ ٢٦٤٨)، ١٢/ ٩/ ١٩٨٧.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٣)، من امن الصديق الى امن اربيل، العدد (٧٨٦٧)، ٣٠/ ١٠/ ١٩٨٥.

- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٦٩)، وزارة الداخلية– مديرية الامن العامة، بدون عدد، بدون التاريخ.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٥٤)، جواب الكتاب، من امن المصيف الى امن شقلاوة، العدد (٧٩٠)، ٥/ ٣/ ١٩٨٧.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٧٥)، برقية سرية وفورية، من مديرية أمن شقلاوة س٣ الى أمن حرير، العدد (٨٥٧٧)، ٣٠ /١٢/ ١٩٨٦.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٧٩)، دور المجمعات السكنية، من البعث العربى الاشتراكى– القطر العراقى– قيادة شعبة اربيل الى الرفاق أعضاء قيادة الشعبة المحترمون، العدد (١/ ١٢٥٥)، ١٣/ ٢/ ١٩٨٢.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، ژمارەی فایل (٥١)، متابعة، من مديرية امن محافظة اربيل الى كافة الضباط، العدد (١٣٢٩٥)، ١٥/ ١٠/ ١٩٨٧.

**کتێبی بەڵگەنامەیی**

**بە زمانی کوردی:**

- ڕەحمانی، وریا (٢٠١٣)، هەڵەبجە و ئەنفال لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- نێروەیی، عەلی تەتەر (٢٠٢٢)، سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا، بەرگی یەکەم، چ٢، کتێبخانا جزیری، دهۆک.
- نێروەیی، عەلی تەتەر (٢٠٢٢)، سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا، بەرگی دووەم، چ٢، کتێبخانا جزیری، دهۆک.

- وۆچ، میدڵ ئیست (٢٠٠٤)، جینۆساید لە عێراقدا... پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.


**بە زمانی عەرەبی**


- قادر، جبار و جامباز، طارق (٢٠١٣)، قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد و كوردستان، من مطبوعات الاكاديمية الكوردية، العدد (٢٥٨)، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.


**کتێبە کوردییەکان**


- بارام، حەسەن (٢٠٠٧)، بەشێک لە ئەنفالی گەرمیان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوک، چاپخانەی رۆژ، کەرکوک.
- رەشید، سەلاح (٢٠٢٠)، شەڕی ناوخۆی کورد، بۆچی سەری هەڵدا، چۆن گەشەی کرد، سەرئەنجام، ناوەندی رۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
- ساڵح، عومەر هەمزە (٢٠٠٩)، راگواستن، لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی و راگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە (پشدەر وەک نموونە)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، چ١، دهۆک.
- سەعید، عەبدولقادر (٢٠٢٣)، ڕاگوێزان بەرنامەیەکی داڕێژاو بوو لە چەند قۆناغێکی ترسناکدا، دامەزراوەی کەریمی عەلەکە، چاپخانەی پاندا، سلێمانی.
- محمد، مراد حکیم (٢٠٠٤)، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عیراق لە سەردەمی بەعس دا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی.
- محەمەدڕەشید، هاوکار محەمەد (٢٠٢٤)، خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨- پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک بە نموونە، بڵاوکراوەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی دانیشفەڕ، هەولێر.

- مزویری، ریکاریَ (٢٠١٠)، ژنێن رۆسی و راگواستن و ئەنفال و کۆمکوژی، ریکخراوا ڤەژین بۆ قوربانییێت جینۆسایدا بارزانییان، چ١، ب.ش.چ.
- مزویری، ریکاریَ (٢٠١١)، ئەنفال و کۆمکوژی و کاریگەرییێن دەروونی، چ١، ب.ش.چ.
- مستەفا، زوزان ناسر (٢٠١٣)، ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ درئەنجام و کاردانەڤە ٢٣ی شوبات- ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٢٠٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مەلا شاخی، ئەبوبەکر محەمەد حاجی (٢٠٢٤)، ئاگر و خوێن- تاوانەکانی حەرەس قەومی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان، چاپخانەی چوار چرا، هەولێر.
- مینە، ئەمین قادر (١٩٩٩)، ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی.

**کتێبی عەرەبی**

- احسان، محمد (٢٠٢٢)، البارزانیون، بین الإبادة الجماعیة وقیادة النضال من أجل المستقبل، ط٢، دار سبیریز، دهوک.
- الخفاجی، فایز (٢٠١٥)، الحرس القومی و دوره الدموي في العراق، دار سطور للنشر والتوزیع، بغداد.
- محمد، خلیل اسماعیل (٢٠٠١)، مؤشرات سیاسة التعریب والتهجیر فی إقلیم کردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح  الدین، أربیل.

### کتێبی ئینگلیزی


- CHAC, (2007), “Anfal” The Iraqi States Geneside the Kurds, The Center of Halabja against Anfalization and genside of the Kurds (CHAC).


### بیرەوەری


- دەرویش، ماکۆک غەفوور (٢٠٢١)، لەوەتەی هەم پێشمەرگەم- بیرەوەرییەکانی مامە غەفە، چ٢، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
- عەبدولقادر، فەرەیدون (٢٠٢٠)، هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- مەحمود، عاصی حوسین (٢٠١٧)، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپخانەی ئاڤێستا، کرکوک.


### گۆڤار


- پشدەری، رزگار سەعید (٢٠١٠)، تەوەرەکانی تەعریب و راگواستن لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە: ٣، ساڵی هەژدەهەم، تشرینی دووەمی ٢٠١٠.
- شەورۆ، فازیل (٢٠١٧)، ڕۆژێک لە مێژووی شاری کۆیە، لەشار دەرکردن، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە: ٤٦، کانونی دووەمی ٢٠١٧، کۆیە.
- عەبدوڵڵا، سلێمان (١٩٩٩)، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ:١٢، هەولێر.
- محەمەد، عەلی مەحموود (٢٠٢٣)، ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن، گۆڤاری دیوان، ژ: ٢٣، هەولێر.

- محەمەد، جاسم محەمەد (٢٠٠٨)، ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژ:١، سلێمانی.
- مەلازادە، ئیبراهم سادیق (٢٠١٩)، پرۆسەی ڕاگواستن لەچوارچێوەی هێرشی بە شارستانی کردان دا- دۆلی ڕۆست وەک نموونە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک زانستێن مرۆڤایەتی و کۆمەلناسی، پاربەندا ٢٢، ژمارە: ١، ژمارەکا تایبەت بە سەنتەرێ ڤەکولینێن جینوسایدی، دهۆک.

**چاوپێکەوتنی کەسی**

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد ئەحمەد مستەفا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هەولێر.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوات ئەحمەد مستەفا، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، هەولێر.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ حسین عبدالله احمد، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٢٤، کۆمەڵگەی گەلاڵە-سۆران.


## سياسة ترحيل ذوي الپيشمرگه في المناطق الخاضعة لسيطرة الحكومة ١٩٨٠-١٩٩٠، محافظة أربيل أنموذجا

### الملخص


سياسة الترحيل التي اتبعتها الحكومات العراقية وخاصة حكومة البعث، استعملت كطريقة مؤثرة للسيطرة على الثورة الكوردية، أكثر مراحل الترحيل كانت عبارة عن ترحيل سكان القرى والمناطق الكوردية سواء أكان لجنوب العراق أم إلى المجمعات القسرية في كوردستان، ولكن نوع الترحيل الذي نريد تسليط الضوء عليه في هذا البحث هو ترحيل ذوي الپيشمرگه القاطنين في المناطق التي كانت تحت سيطرة الحكومة، والتي كانت تضعهم تحت عدة ظروف غير مستقرة

بهدف إجبارهم على ترك صفوف البيشمرگه، ومنها سياسة الترحيل، وكان هذا الترحيل إلى القرى التي كانت تحت سيطرة البيشمرگه في بعض الأحيان، وإلى جنوب العراق أو الدول المجاورة أحيانا أخرى.

بهدف مناقشة هذه المسألة وتأثيراتها، كان هذا البحث تحت عنوان "سياسة ترحيل ذوي البيشمرگه في المناطق الخاضعة لسيطرة الحكومة ١٩٨٠-١٩٩٠، محافظة أربيل أنموذجا"

السؤال الرئيس في هذا البحث هو: ماذا كان هدف الحكومة الأساسي من هذا النوع من الترحيل؟ وكيف كان تأثير هذا النوع من الترحيل على البيشمرگه؟ من هذا المنظور يكون البحث محاولة للإجابة عن هذه الأسئلة وأسئلة أخرى فرعية عن طريق تحليل هذه العملية والتعليق عليها باستعمال منهج البحث التأريخي، هذا النوع من الترحيل كان له تأثير كبير على البيشمركه وذويهم على حد سواء، بالرغم من أن الحكومة العراقية لم تستطع عن طريق هذه السياسة منع التحاق الناس بصفوف البيشمرگه، إلا أنه مع ذلك كان لها تأثيرها.

الكلمات المفتاحية: الترحيل، ذوي البيشمرگه، المناطق الخاضعة لسيطرة الحكومة، المناطق التي تحت سيطرة البيشمرگه.